# نیسان و داهێنانێکی تازه





له داهێنانێکی نوێدا ژاپۆن ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسانی دروستکردووه که سەرخۆشەکان ناتوانن بیهاژۆن، ئەمەش بەهۆی ئامێری هەستیاری (سینورز) کەلەناو ئۆتۆمبێلەکەیە، له رووی تەکنەلۆژیەوه زۆر پێشکەوتووه، جۆری ئۆتۆمبێلەکەش ناونراوه فۆگا fuga ئەم ئامێره لەسەر گێڕی ئۆتۆمبێلەکەو لەسەر کورسی شۆفێره، که له رێگەی ئارەقەی شۆفێرەوه دەزانرێ سەر خۆشه یان نا، هەروەها کامیرایەکی بچووك بۆ شیکردنەوەی دەموچاوی بەدیاردەکەوێ که شۆفێرەکه ماددەی کهولی خۆرادۆتەوه، بۆیه سەرجەم زانیاریەکان دەگەنه کۆمپیۆتەری ناو ئۆتۆمبێلەکه، کۆمپیۆتەرەکەش چەند ئاگاداریەك دەگەیەنێته شۆفێرەکه له رێگەی پشتێنەی سەلامەتی که گوشار دەخاته سەر سکی شۆفێرەکه و رێگەی هاژوشتنی لێدەگرێ. پێدەچێت لەچەند مانگی داهاتوو ئەم جۆره ئۆتۆمبێله بکەوێته بازاڕەکانو بەمەش ٥٠٪ ی قوربانیانی ئۆتۆمبێل کەمدەبێتەوه، به تایبەتیش له ساڵی ٢٠١٥ به دواوه به بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩٥.

---

# له خێزاندا برای گەوره زیرەکتره!

ئا: ساڤان



لەم رۆژانەی ڕابردودا له نوێترین لێکۆڵینەوەی نەرویجیدا دەرکەوت که که ئەو منداڵانەی له پێش خوشك و براکانیان له دایك دەبن، به رێژەیەك زیرەکترن لەوانی تر، که بەتەمەن له ئەوان بچوکترن، ئەمەش له گۆڤاری (جۆرناڵ ساینس) بلاۆکرایەوه که ئەو لێکۆڵینەوەیه پشتی بەستووه به ئەزموونکردنو هەڵبژاردنی چوار ملیۆن مێردمنداڵ که تەمەنیان له نێوان ١٨_١٩ ساڵاندایه، که دەریخستووه منداڵانی یەکەم رێژەی زیرەکیان بەرزتر دەبێتەوه، بەڵام زانایان ئەمەیان ڕەتکردۆتەوه که زیرەکی پەیوەست بێت به هۆکارەکانی بایۆلۆجیو منداڵ بونو دوو گیان بوونەوه، زاناکان رایان وایه زیرەکی منداڵ دەگەڕێتەوه بۆ بەدەست هێنانی ئەزمونو هەڵسوکەوتکردنی له براکانی تردا له ژیانی رۆژانەدا. هەروەها ئاماژەیان بەوەکردووه که دەتوانن هەمان لێکۆڵینەوه جێ بەجێ بکەن لەسەر ئەو منداڵانەی که برا گەورەی خێزانن. سەرەڕای جیاوازی کەمی له نێوان رێژەی زیرەکی و برا گەورەکان له ڕووی تەمەنو براکانی تردا، لێکۆڵینەوەکه ئاشکرای کردووه که ئەمه سوودی هەیه له چالاکی رۆژانەیاندا، هەروەها تیۆریه کۆنەکان پشتگری لەم توێژینەوەیه دەکەن، ئەوەشیان باسکردووه که باڵادەستی برا گەوره لەناو خێزاندا بەهۆی ئەو تواناو سەرپەشتی کردنی کارەکانیماڵەوه، ئەم ڕۆڵەش هەر له منداڵیەوه دەست پێدەکاتو زۆرترین رێژەی زیرەکی بەر ئەو دەکەوێت

سەرچاوە: سایتی ئیلاف

# پێنوسێکی مەرەکەب بەستراو بە فلاش میمۆری



کۆمپانیای دیجیکسی کۆری، پێنوسێکی مەرەکەبی بەستراو بە فلاشی بەرهەمهێنا، کە قەبارەکەی یەك گیگابایتە، ئەم پێنووسانە ئێستا لە کۆریا دەستدەکەون، بەڵام نرخەکەی دیارینەکراوەو چوار رەنگی هەیە، زیوی، شین، سور، رەش.

## کیبۆردێکی لێزەری بەرێوەیە

دوا دەسکەوتو داهێنانی کۆمپانیای (کیللولون)ی کۆری دروستکردنی کیبۆردێکی لێزەری بێوێنەیە، کە مرۆڤ وا لێدەکات کیبۆردە گەورەو



دوگمەدارەکان لەبیر بکات. ئەم کیبۆردە تەکنەلۆژیایەکە پێی دەڵێن D3 بە هۆی تەکنەلۆژیای هەستپێکردنی ئەلیکترۆنی کاردەکات، کە شوێنی جووڵەی پەنجەکانی دەست وەردەگرێت. کیبۆردی لێزەری ساڵی ٢٠٠٥ داهێنراوە، بەڵام لەم ئاستە بەرزە نیە، ئەمەیان بلوتوسی هەیە لەرێگای USB کاری پێدەکرێت، ئەم سیستەمە بەهۆی مایکرۆسۆفت ویندۆز ٢٠٠٠ و ئیکس پی و حاسیبەی گیرفان و تەلەفۆنی زیرەك کاردەکات.

## مۆسیقا لە گەرماودا



تەکنەلۆژیای سەردەم سەرسامان دەکەن بە داهێنانەکانیان، بۆ ئەوەی لەکاتی خۆشوشتن گوێت لە ئاوازو مۆسیقا بێت، پێویستت بەو ئاوپرژێنەیە کە کۆمپانیایەکی کۆری بەهەمی هێناوە، ئەم ئاوپرژێنە سەرەڕای ئەوەی کە ئاو دەپرژێنێت لە هەندێ کونەکانیدا مۆسیقا لێدەدات، ئەم ئاوپرژێنە تەرنابێتو چەندین کەناڵی رادیۆیی وەردەگرێتو نرخەکەی لە ٣٢ دۆلار تێپەڕناکات.

# راهێنانە وەرزشیەکان بەشێوەیەکی رێکوپێك شەکر لە خوێندا رێکدەخات



لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی دەریخستووە کە وەرزش تەنها رێگر نیە لەبەردەم تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە، بەڵکو شەکرەی تووشبووانیش بەم نەخۆشیە رێکدەخاتو وەکو خۆی دەیهێڵێتەوە.

د. سیفن رۆژین سەرۆکی بەشی چارەسەری غوددەی دەرەقی ( الغدد الصماو) لە زانکۆی پەنسلفانیا دەڵێ: ئەگەر تووشی نەخۆشی شەکرە بوویت، وەرزش بکە. د. رۆژین ئامۆژگاری تووشبووان دەکات کە بەبێ راوێژی دکتۆرەکانیان وەرزش نەکەنو جلو پێڵاوی فرە لەبەر بکەن لە کاتی راهێنانەکان، هەروەها ئامۆژگاری ئەوەدەکات کە بەر لە راهێنانەکان وا باشە خۆت درێژ بکەیو ئیحما بکەیتو شلەمەنی بخۆیتەوە، شایەنی باسە بەپێی راگەیەنراوی کۆمەڵەی شەکرەی ئەمریکا، رێژەی تووشبووان بەم نەخۆشیە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٢٠,٨ ملیۆن کەسە بەرێژەی ٧٪ی سەرجەمی دانیشتوان.



# نهێنی زەردەخەنەی مۆنالیزا

سالانە نزیکەی حەوت ملیۆن مرۆڤ شاکاری جیهانی (leonardo da vincis) دەکەن، ئەوەی بە "مۆنالیزا" دەناسرێت، بێگومان سالانێکە مرۆڤ سەرسورمانی جوانی و زەردەخەنە بەناوبانگەکەی "مۆنالیزا"یە، بەلام ئێستا دەکرێت ئەو جوانییە بەدەرکەوتنی بیردۆزەیەك کۆتایی پێبهێندرێت.

پرۆفیسۆری پزیشکی بەلجیکی "jan dequeker" پێیوایە، کە مۆنالیزا لەو وێنەیەدا روخساری کەسێکی نەخۆشی توشبوو بە تێکچوونی میتابۆلیزم نیشان دەدات، نەك قەشەنگێك.

پاش چەند سالێك لەو وێنەکێشانە، ئەو کچە قەشەنگەی ناو شاکاری مۆنالیزا لە تەمەنی ٣٧ سالیدا لە ئاکامی نەخۆشی دەمرێت، پرۆفیسۆری پزیشکی بەلجیکی پێیوایە کە ئەو کیژە بە هۆی نەخۆشی دلەوە مردووە، ئەوەش پاش ئەوەی چەورییەکی زۆر لە ناو خوێنیدا کۆبۆتەوە، پرۆفیسۆری ناوبراو هۆکارەکانی مردن لە رێگای شاکاری شێوەکاری ئیتالی بە ناوبانگەوە دەستنیشان دەکات: لەسەر دەستی چەپی مۆنالیزا هەلئاوسانێك بەدی دەکرێت، ئەوەش واتایە بۆ کۆبوونەوەی کۆلیسترۆل لە ژێر پێستدا، بێجگە لەوەش پرۆفیسۆر لە لای چاوی مۆنالیزا رەنگێکی سپی، زەردی بەدیکردووە، ئەوەش نیشانەیە بۆ نەخۆشی "hyperlipidemia" ئەوانەی دوچاری ئەم نەخۆشیە دەبنەوە، زۆر بە دەگمەن دەگەنە تەمەنی پەنجا سالی. بە درێژایی سی سال پرۆفیسۆری پزیشکی بەلجیکی هەموو مۆزەخانەکانی جیهان گەراوە و شاکارەکانی شێوەکارەکانی جیهانی پشکنیوە، ئێستا ناوبراو ئاکامی گەرانەکانی لە پەرتوکێکی ٤٠٠ لاپەرەییدا لە ژێر ناونیشانی (شێوەکار و دکتۆر) بلاو کردۆتەوە و با لە ٢٠٠ شاکاری بەناوبانگی جیهانی دەکات، پاش ئەم بیردۆزەی پزیشکی بەلجیکی، پێویستە خوێندکارانی کۆلێژەکانی پزیشکی سەردانی مۆزەخانە جیهانییەکان بکەن و لە نزیکەوە تەماشایەکی شاکاری شێوەکارانی واك " دافنشی و یۆردان و رۆبین" بکەن، بەلام ئەوە بیردۆزە بۆ ئەویندارانی شاکاری ئەو کەلە شێوەکارانە کەمێك گرانە.

- لە خۆزگەوە

# ئەستێرەی بەخت



**کاوڕ ٣/٢١ ـ ٤/١٩**

پلانت هەبێ بۆ هەموو کارەکانت، ئەو ئالۆزیەی تیایدا دەژی سەر لێشواندی.



**گا ٤/٢٠ ـ ٥/٢٠**

پێویستیت بە سەفەرێکە بۆ ئارام بوونەوەت، هەوالێکی خۆشت پێدەگات لە کەسێکی دوورەوە.



**دوانە ٥/٢١ ـ ٦/٢٠**

دوورکەوتنەوەت لە ئیشوکاری رۆژانە هەلاتنە لە واقع، دەبێ وردەبەرزو وشیار بیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ ـ ٧/٢٢**

لە رووی داراییەوە زۆر دەست بلاوی، پێویستیت بە پارە دەبێ بۆیە دەستی پێوەبگرە.



**شێر ٦/٢٣ ـ ٨/١٢**

لە رووی سۆزداریەوە تووشی پەیوەندیەکی نوێ دەبی، زۆر بەئاگایانەوە هەلسوکەوت بکە.



**فەریك ٨/٢٣ ـ ٩/٢٢**

کەسێکی گۆشەگیرو دوورە پەرێزی هەولدە لەگەل هاورێکانت ئاشت ببیەوە.



**تەرازوو ٩/٢٣ ـ ١٠/٢٢**

خۆشەویستەکەت زۆر پێویستی پێتە، چیتر لێی دوورمەکەوە، با گومانەکان نەمێنن.



**دوپشك ١٠/٢٣ ـ ١١/٢١**

ئەو پرۆژەیەی لە مێشکتدایە جێبەجێی بکە، باری سۆزداریت باشەو وریابە لێی.



**کەوان ١١/٢٢ ـ ١٢/٢١**

باری تەندروستیت باش نیەو ئاگاداری خۆتبە، لە هەمووکات زیاتر ئێستا خێزانەکەت پێویستی پێتە.



**گیسك ١٢/٢٢ ـ ١/١٩**

کەسێکی لە خۆباییت، لەگەل ئەوەشدا ئومێدی دوارۆژێکی باشت لێدەکرێ، کەمێك بیر لە خۆت بکەوە.



**سەتڵ ١/٢٠ ـ ٢/١٨**

بەرامبەر خۆشەویستەکەت دلسۆزی، بەلام پێویستی بە تۆیە کە سەردانی بکەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ ـ ٣/٢٠**

بیر لە ژیانی هاوسەری بکەوە، کاتێکی گونجاوە بۆ بەدیهێنانی خواستو ئاواتەکانت.